چوارشەممە مووچەی مامەستایانی گرێبەستی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵای هەرێم دابەش دەکرێت

وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند، سبەی چوارشەممە مووچەی مامەستایانی گرێبەستی وەزارەتی پەروەردەو خوێندنی باڵا دابەش دەکرێت.

ئەمڕۆ سەشەممە ١٨ـی ئازاری ٢٠٢٥، وەزارەتی دارایی هەرێم رایگەیاند، ڕۆژی چوارشەممە (١٩ ی ئازاری ٢٠٢٥) مووچەی مانگی شووباتی مامەستایانی گرێبەستی وەزارەتی پەروەردە لە سنوری پارێزگای سلێمانی و مووچەی مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٢٥ و کرێی وانبێژی مانگی ئابی ساڵی ٢٠٢٤ ی مامەستایانی گرێبەستی وەزارەتی پەروەردە لەسنوری پارێزگای هەولێرو دهۆک دابەش دەکرێت.

ئاماژەی بۆشکرد، ڕۆژی چوار شەممە ١٩ ی ئازاری ٢٠٢٥ مووچەی مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢٥ ی مامەستایانی گرێبەستی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەسەرتاسەری هەرێم دابەش دەکرێت، کەسەرجەمیان تەمویلیان لەسەر داهاتی ناوخۆ خەرج دەکرێت.